

ZANA GALALI

# بۆ کاکی بەڕێز ئاری جەبار گلەییەک و چەند ڕونکرنەوەیەک


## نووسینی :زانا گەلاڵی نەرویژ

zanagalali@hotmail.com




لەم ڕۆژانەلەسایتی کوردستان نێت  برایەک بەناوی ئاری جەبار بابەتێکی بڵاو کردەوە لەژێر ناونیشانی ( بۆ خاتوونی بەڕێز پەیمان عومەر گلەییەک و چەند پرسیارێک ) کەچەندی لێ ی وورد بومەوە هیچ شتێکی وام نەدۆزیەوە کەشایەنی ڕەخنەگرتن بێت جگە لەهەڵبەستنی چەند قسەیەکی ناڕاست  بەر لەوەی باس لەنوسینەکەی بکەم باس لە کورتیەک لەسەر بەرهەم و کارو چالاکیەکانی هونەرمەندی ناودار خاتوو ( پەیمان عومەر ) دەکەم هونەرمەند  لەساڵی1964 لەشاری سلێمانی لەدایک بووەلەساڵی 1984 چۆوەتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەمەبەستی فێربونی زانستی مۆزیکا ، پەیمان عومەر توانیویەتی زیاتر لە 30 ساڵ کاری هونەری ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی بپارێزی جگەلەمەش لە سەردەمانێک هاتۆتە نێو دنیای هونەر، کە کاری هونەری بۆ کچان کارێکی مەحاڵ بوو هەروا بۆ کوڕانیش کارێکی ئاسان نەبوو ، ڕاستەپێش پەیمان چەند کەسانێک هەبوون کەچالاکی هونەریان ئەنجان دەدا ، بەڵام پەیمان عومەر بە یەکەم ئافرەتی  سۆرانی دادەنرێت لەکوردستانی باشوور کە زیاتر لە 30 ساڵەکاری هونەری دەکات تاکوو ئێستاش بەردەوامە جگە لەمەش پێشەنگ و پڕ  بەرهەم بووە هەموو ساڵ بەرهەمی خۆی هەبووە هونەرمەند بەدەنگە زوڵاڵەکەی توانی وەڵامێک بێت بۆ هەموو ئەوانەی کەژن لەنێو چوار دیوار زیندان دەکەن ئیسپاتیش بکات کەژن هیچ شتێکیان لەپیاو کەمترنیە . خاتوو پەیمان بەدەنگە زوڵاڵەکەی توانی جێگەی خۆی لەدڵی هەموو کوردێک بکاتەوە .



پەیمان عومەر  بەیەکەم ئافرەتی کورد دادەنرێت کەبەدوو گیانی بێتەسەر شانۆ و گۆرانی پێشکەش بکات کەئەمەش لەکۆتایی ساڵی 1992 بوو ، هەروەها بە یەکەم ئافرەت دادەنرێت کە بەهەورامی گۆرانی ووتووە کە ئەمەش لەساڵی 1992 بوو ، جگە لەمەش بەشداری هەبووە لەچەندین بۆنەی نەتەوەیی تەنانەت لەکاتی ڕژێمدا گۆرانی سیاسی ووتووەیەکێ لەوانە ( چرا هەڵکەن ) کەشیعری مامۆستا ئەحمەد سالار و ئاوازی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بوو .  مەبەستی من لەم نوسینەوەڵامێکە بۆ هەموو ئەوانەی

قەڵەمەکانیان بۆ شەڕە جنێو وەیان ڕەخنەگرتنی بێبنەما بەکار دێنن بەبێ ئەوەی بەڵگەکیان لەدەستەوەبێت وەیان شارەزاییەکی سەرەتاییان لەبارەی کەسێکەوە هەبێت ، کەچی ڕەخنە دەگرن یاخود  قەڵەمەکەیان لەبەرژەوەنی گەلەکەیان بەکار نایەنن دەکەونە شەرانگێژی و بۆ  پاشەکشەکردنی نوسەران لە نوسینەکانیان یاخود هونەرمەندان لەهونەرەکەیان  وەیان شێواندنی مێژوی گەلەکەیان یەکێ لەوانە کاک ( ئاری)-ە بۆیە دیارە زۆر هەوڵمدا کەبێدەنگ بم بەڵام شێواندنی مێژوو بێدەنگ بونم کارێکی ئاسان نەبوو ، دیارە قسەکردن لەسەر مێژوو کارەکی ئاسانیە منیش ئەگەر چەندین بەلگەیان سەرچاوەکم لە بەردەست نەبیت ئامادەنیم دێرەک بنوسم و خۆم شەرمەزاری مێژووی هونەری میللەتەکەم بکەم بۆیە بەپێویستی دەزانم   وەڵامێکی زۆر کورتی  بدەمەوە لەسەر ئەم نوسینەی کەبەداخەوە فڕی بەسەر ڕەخنەگرتنی بنیات نەرانە نەبوو زیاتر ئەوەی کاک ئاری تووڕەکرد بوو گوایە خاتوو پەیمان عومەر  ڕۆڵی  شارەحەیاتەکەی کاک ئاری بەرز نەنرخاند بوو لەهاندانی لەکارە هونەریەکەی وەک ئەوەی زیاتر خۆی بەقەرزاری دایک و باوکە کۆییەکەی زانیووە دیارە سەرەتای نوسینەکەی بەمەدەست پێدەکات کەبەرنامەی ( ئەزموون )

شێرزاد عەبدول ڕەحمان لەکەناڵی ئاسمانی زاگرۆس کەکاک شێرزاد یەکێ لەپرسیارەکانی کەئاڕاستەی هونەرمەند ( پەیمان عومەر ) ی کرد بوو ، بۆچی ئەم حەز لەچاو پێکەوتن ناکات  دیارە منیش دان بەم ڕاستیە دەنێم کەهونەرمەند خۆ لەدەرکەوتن و دیدارە هونەریەکان دور دەگریی نمونەشم دوای هاتنم بۆ وولاتی نەرویج لەهەوڵ دان بوومە بۆ سازدانی دیدەنیەک لەگەڵ هونەرمەند دوای پەیوەندی کردنم بە  هونەرمەند بەڵام هەستم دەکرد مەبەستی نەبوو زیاتر خۆی دوور دەکردەوە دواتر بڕیاری دا کەبۆ کاتێکی تر خۆی پەیوەندیم پێوەبکاتەوە دوای بڵاو بونەوەی کلیپی ( خولیا ) لەسەر بەڵێنەکەی خۆی پەیوەندی کردەوە دیدەنیەکەمان سازدا  دواتر زانیم کەپەیامنێری ڕۆژنامەی خەبات لەنەرویج چەند جارێک بەر لەمن پەیوەندی پێوەکردوە بەڵام ئەو ڕەتی کردۆتەوە بەڵگەشم یەکێ لەپەیامنێرەکانی ڕۆژنامەی خەبات بەناوی نیاز دوای بڵاو بونەوەی دیدەنیەکە لەکوردستانەوە پەیوەندی بەمنەوەکرد و داوای ئیمایلی خاتوو پەیمان عومەری کرد بەڵام هونەرمەند داوای لێبوردنی کرد ووتی تازەدیمانەم کردووە بۆ دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان دوای خست .

هەمووومان دەزانین ئەوکاتەی کەهونەرمەند  پەیمان عومەر بۆ یەکەم جار هاتەسەر شانۆ و لەگەڵ مۆسیقا کاری کرد

لەساڵی 1973 لەتەمەنی 9 ساڵی بوو نەک هەشتاکان وەک کاک ئاری باسی دەکات بەڵگەشم ئەم وێنەیە کە ئەوکات لەڕێگەی مامۆستا خالید سەرکار و فرنسیس داوود لەچالاکی قوتابخانەکان دەستی بەچالاکیە هونەریەکانی کرد تا ساڵ




1977 .

بەڵگەیەکی تریشم کەهونەرمەند لەهەفتاکان کاری هونەری دەکات و خۆی بەقەرزاری نەک دایک و باوک بەتەنها بگرە بەتیپی مۆسیقای سلێمانی و چەندین لەمامۆستایانی دەزانی کەڕیک قسەکانی کاک ئاری ڕەت دەکاتەوەو بەناڕاست و بێمانا لەقەڵەم دەدرێت . ئەویش خاتوو پەیمان عومەر لەساڵی 1977 ئەمجارەش لەڕێگەی ممۆستا خالید سەرکارەوە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی دەستی بەکاری هونەری کردووەکە سەرەتا وەک کۆرس بەشدار بوو لەوکاتەوە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی ناسیوەو لەوکاتەو تا ئێستاش مامۆستا ئەنوەر پاڵپشتی یارمەتی دەریەتی لەدیدەنیەک کە بەندەلەگەڵی سازداوە دەڵێ ( تیپی مۆسیقای سلێمانی پەرژینی ژیانمەو، ماڵێکە لە ژیانما، پەروەردەی کردووم خۆشەویستی بێ سنورم بۆی ئەگەر وەفام نەبێ ئەوا وەفام نابێ بۆ هیچ شتێ ) وە هەروەها دەڵێ ( تیپی مۆسیقای سلێمانی هەموو کاتێک لەئاستی بەرزدا دەبینرێ چونکەخوێندنگایەکە بەسەدان خوێندکاری وەک ئێمەیان پێ گەیاندوە چ لەبواری موزیک و چ لەبواری گۆرانی ) هەروەها لەبارەی ئەو مامۆستا بەڕێزانەی دەوریان هەبوە لە پێگەیاندنی، ئاماژەی بەم ناوانە کردووە ( ئەنوەر قەرەداغی ، خالد سەرکار ،صلاح ڕەووف ، ولیام یوحنا ، فرنسیس داوود ) بەلگەکی ترم بۆ کاک ئاری کە هونەرمەند لەساڵانی هەفتاکان ناسراوە نەک هەشتاکان لە یەکێ لەپرسیارەکانم دەڵێم تۆ وەک هونەرمەندێک کەی دەرکەوتی لەچ ساڵێک ناسراوی لەوەڵامدا دەڵێ ( من وەک کچەکوردێک بەشداریم کرد لەساڵی1978لە یەکەم ڤیستیڤاڵی مۆسیقای جیهانی بەدوو گۆرانی یەکەم بەرهەم ( لەباخا ) کە گۆرانیەکی هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەک ( هەی جان ) لەگەڵ هونەرمەند عەبدولقادر بەیەکەوە ووتمان . وابزانم کەسێک نیە لە ئێمەگوێ بیستی گۆرانی ( لەباخا ) نەبوبی بەدەنگی هونەرمەند پەیمان عومەر خۆ ئەگەر خوا نەخواستە بەڕێزیشت بەم گۆرانیانە نەت ناسیوە یان گوێ بیست نەبوی بڕوا ناکەم گۆرانی ( هەی لێلێ ) گوێ بیست نەبووبی کەگۆرانیەکی بادینیە لە دوهەم ڤیستیڤاڵی جیهانی لە بەغداد لەساڵی 1979 پێشکەشی کرد کە ئاوازو دابەش کردنی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بوو کە بەم گۆرانیە بەیەکەم ئافرەتی سۆرانی دادە نرێت کەگۆرانی بادینی ووتبێت وەک خۆی لەبارەی ئەم گۆرانیەوە دەڵێ لەم گۆرانیە ڕێچکەی تایبەتی خۆم گرت لەبابەت ڕێچکە یاخود ڕچەشکێنی پەیمان عومەر خۆم لە دیمانەیەک کە بۆ پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ سازم دا ئەم پرسیارەم ئاڕاستەکرد کە خۆم بڕوام وابووە دیارە خۆشی لەم دیمانەی تیڤی زاگرۆست ئاماژەی پێکردووە بەڵگەشم بۆ ڕچەشکێنی پەیمان عومەر لەسەرەتا باسم کرد

و جگە لەمەش لەم ڕۆژانە لە تەلەفیۆنی کوردسات لەبەرنامەی ( لەهەر باخێ ژنێ ) کە خاتوو کەژاڵ ئەحمەد ئامادەو پێشکەشکەریەتی میوانداری کرا کەخۆی ئامانجی ئەم بەرنامەیە هەرجارەو میوانداری ژنێک دەکرێت کە لەیەکێ لەبوارەکانی ژیان پێشەنگ بن . خۆ ئەگەر خوا نەخواستە کاک ئاری هێشتا لەسەر قسەکانی خۆیەتی کە خاتوو پەیمان عومەر ڕچەشکێن نیە کەوایە با ناوی ئافرەتێکی سۆرانی بلێ لە کوردستانی باشوور کەپێش خاتوو پەیمان لە سەر شانۆ دەرکەوتبێت و تائێستاش بەردەوام بیت کەمەبەستەکەم هونەری گۆرانی ووتنە بەردەوام بووبێت ؟ دیارەبەر لەخۆی ( چەندین ئافرەت هەبووە هەروەک پێشتر ئامازەمان پێکرد وەخۆشی لە دیمانەکەم ناوی ئەم بەرێزانەی بردوە بەلام بەردەوام نەبوونە ( کەلسوم مەحەمەد ، صەباح ئەحمەد ، ژیان ، سمیرەنادر ، فاطمەعەلی ،چیمەن حەسەن ، ئالا عومەریش ....کەدواتر چوە بەشی شانۆ جگەلەمەش کاک ئاری نوسیویەتی ڕێچکەشکێن هەڵەیە ڕچەشکێن ڕاستە دیارە خاتوو پەیمان نەزمانەوانە نەنوسەر تا هەڵەی ڕێزمانی لێبگری دووەم ڕێچکەو ڕەچە هیچ جیاوازیەکیان نیە وەک یەکن تەنیا دوو زارەوەن بەپێ شوێن بەکار دێن ..

لە بارەی شار شارێنە کە کاک ئاری پێی هەلچووە دیارە مەبەستی قسەکانی هونەرمەند ئەم داب و نەریتە کوردەوارییە کە کۆمەڵگاکەمان تا ئێستاش پێوە دەناڵێنێ کەزۆر بەی خەڵک قبوڵی ئەوە ناکەن کەخوشکیان یان کچیان بەشداری لەچالاکیە هونەریەکان بکەن و بێنەسەر شانۆ ئەمەش لەهەموو شارەکانی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە کەوایە کاک ئاری بۆ دان بەم ڕاستیە نانێی ؟ ڕاستە هونەرمەند دایک و باوکی کۆیین بەلام وەک خۆت ئەڵێی خۆی لەدایک بووی سلێمانیە لەبارەی ئایا خاتوو پەیمان جگە لەوەی هونەرمەندێکی کوردستانییە خۆی بەکۆیی دا دەنێت یان خەڵکی سلێمانی لە دیمانەکە دەڵێت من هیچ جیاوازیەک ناکەم لەهەر شوێنەک بژیم من کوردم . لەکۆتاییدا بەکاک ئاری دەڵێم ڕاستە تۆ لەشێوەی گلەیی بابەتەکەت نووسیبوو بەلام لەگەڵ ئەمەشدا شێواندنی مێژوی هونەری کوردیە بۆیە لەم پێناوە لەپێناو ڕونکردنەوەی ئەم ڕاستی بۆ خوێنەران ئەم بابەتەم نووسی وەک

بیستوومە تیپی مۆسیقای سلێمانی بەسەر پەرشتی مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی ئێستا سەرقاڵی ماڵپەڕی تایبەت بەخۆیانن زۆر لەبەرهەمەکانی بەوێنەو دەنگ بیۆگرافی دێتە بەردەستی ئازیزان بێگومان ئەم ماڵپەڕە زۆر شت بۆ ئێمەو ئێوەو هەر کەسێک بیەوێت لەمێژووی ئەم تیپە ئاگادار بیت وەیان ئەم هونەرمەندانەی کە کاریان کردووە لەم تیپە لەچ سالێک بووە بۆ تۆو . هەروەها وەک زانیومانە کەئێستا هونەرمەند پەیمان عومەریش سەرقاڵی کردنەوەی ماڵپەڕی ئێمەو ئازیزان ڕوون دەبێتەوە تایبەت بەخۆیتی کەپێک هاتووە لەبەشێک لەوێنەکانی سالانی ڕابردو بەشیکی زۆر لەگۆرانیەکانی بەتایبەت ئەم گۆرانیانەی کەتا ئێستا بلاونەبونەتە وەیان لە ئەرشیفی تیڤیەکان نەماون ئێمەش هیوای سەرکەوتن بۆ هونەرمەند پەیمان عومەرو تیپی مۆسیقای سێمانی و سەرجەم ئەوکەسانە دەخوازین کەکار دەکەن بۆ پارێزگاری کردنی هونەری ڕەسەنی کوردی وەهەردەم بونەتە ئەستێرەیەکی گەش لەهونەری ڕەسەنی کوردی .

تێبینی بۆ ئاری جەبار

لەم ماوەیە نوسینەکی ترت نوسیبوو بە پێویستی نازانم وەلام بدەمەوە بەس ئەوەندە ئەڵێم بەڵێ من ئەم نوسینەمن نوسیومە ئەم وێنانەشم لەوکاتە لێوەرگرتووە کە دیدەنیەکەم لەگەڵ سازداوە بەڵگەشم ئەم وێنانە لە هەندێک سایت کە بلاوم کردونەتەوە مۆری چرای لەسەرە واتە هەر هی ئەوکاتەیە .دواتر کاک ئاری نازانم ئەم نوسینەی تۆ چ سودێکی هەیە بۆ پێشکەوتنی هونەری گۆرانی کوردی ؟! خاتوو پەیمان ئەگەر تۆ بە پیشەنگیشی نەزانی شایەنی ڕێزگرتنە وەک ئافرەتێک کە بەردەوامە لە کارەکانی .

لەگەڵ ڕێزمدا

زانا گە لا ڵی